www.kurdistannet.org
19-3-2003 22:58

# پیاو، عاشقێکی دۆڕاو. .

نیهادجامی

کاتی نهێنی لەنێوان پەیوەندی عەشق نەما، ئەوساتەئەفسوونی ئەوپەیوەندییە تەواودەبێت، ئەوەش تەواوبوونی ئەفسوونی موقەدەسگەرایی عەشقە، کەعەشقدەبێتەکاڵبوونەوەی پەیوەندی دووکەسەکەبەیەکەوە، ئەوەی سەیربێتەبەرببینین ئەوەیەکەپیاوئەوپەیوەندیەکاڵ ناکاتەوە، سەرباری ئەوزەبرووزەنگەی پیاولەدنیای کوردی ئەنجامی دەدات، بەلاّم ئەوەی لەعەشق ئەفسوونی موقەدەس بەتالّدەکاتەوەپیاونییە، پیاوئەوبوونەوەرەی لەناومالّداهەمووشتەکان بەفرمانی ئەو بەڕێوەدەچن و پلەکانی دەسەلاّت ئەوئەودابەشی دەکات، بەلاّم ئەو بوونەوەرەلەعەشقدابەدوای وێنەنادیارەکەی خۆی دەگەڕێت، دۆزینەوەی ئەو وێنەیەش دەسبەرداربوونەلە دەسەلاّتی ڕەگەزی ، بەلاّم ژن لەعەشقدا، چونکە هەست بەدەسەلاّتی ڕەگەزیی خۆی دەکات، بە پێچەوانەی پیاوهەوڵدەدات، کاتی پایەی خۆی لای پیاو بنیاتنا، دەیەوی لە ڕێگەی گەمەیەکی بەردەوام دلّەڕاوکەوئازاری پی بگەیەنێت، بەوئازارەهەست بە دلّنەوایی خۆی دەکات، ئەودلّنەواییەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆکاڵبوونەوەی عەشق، کەژن لەوپرۆسەیەدا دەبی بەخاوەن کەسێتیەکی جیاواز، ئەولە (یار) ەوەبەرەو (نۆکاوفرۆش) دەچێت، مەبەستمان لەنۆکاوفرۆش جۆری پیشەی ئەوپیاوەعارەبانەبەدەستەی سەرشەقامەکان نییە، بەلّکومەبەست لەئاکاری نۆکاوفرۆشە، ئەوکائینەی بەهۆی ڕەفتاری تیژتێپەڕی لەگەلّمان، هیچ هەستێکی لەبەرامبەرمان نییە، تەنیاوەك تێپەڕینی کات سەیرماندەکات، ئەوەش سوودبەو دەگەیەنێت، کاتی ئاکاری یاردەبی بەئاکاری نۆکاوفرۆش، ئەوکاتە وورده وورده عەشق لە ناومان کالّدەبێتەوە، ئاخر عەشقی نۆکاوفرۆش تەنیاوەهمێکی پیاوانەیە کەواتێدەگەین بەرامبەر وەك خۆمانە، بەلاّم دواترلەوخۆهەلّخەلەتانە بەئاگا دێینەوە، بەئاگاهاتنەوەش عەشق کالّدەکاتەوە، ئەوکاڵبوونەوەیەش بەریەککەوتنی دیدگای پیاوی عاشقەلەگەلّ وێنەی یار، یار ئەوژنەی وێنەی عەشق ناجێگیردەکات، ئەوناجێگیریی وکاڵبوونەوەیەئەگەربۆبۆزەمەنێکی دەست نیشانکراویشبێت، تووشی وەڕسی وتێکچوونی باری ئاسایی دەبێت، بۆیەکاتی پیاوتووشی ژانە سەردێت، ئەوەنەخۆشیەك نییە ئەوتووشی بێت، هێندەی وێنەی یارەلەناوئەودا بەرەودۆخی گۆڕان دەچێت ودەستکاری وێنەکەدەکات، ئەو وێنەیەی بۆعەشق هەیبووە، بۆیەکاتی پلەی گەرمیشی بەرزدەبێتەوە (تا) ئەوەنەخۆشکەوتنی وێنەیە، وێنەکاتی بەرەوکاڵ بوونەوەدەچێت، پیاولەعاشقێکەوەلەووێنەودیدەی بۆ عەشق و ئایندەپاشگەزدەبێتەوەودەگەڕێتەوەبۆداکۆکی لەوکلتورەنێرسالارییە، ئەوەش پاشگەزبوونەوەیەلە ئیرۆسیەت وداکۆکی کردنەلەکلتووری مەرگدۆست. ئەگەرخۆمان ڕووبەرووی ئەوپرسیارە بکەینەوەکە بۆچی ئەو وێنەیە واکتوپردەگۆڕێت؟ئەوەپێویستەئاماژە بۆدووئاراستەبکەین لەناووێنەدا، کاتی وێنە دەگاتە ئاستی بالاّویەقین پێدان بە یارپەیوەندی بەئاستی نزیکبوونەوەی هەردووکیانەلەیەکتری وفریودانی عاشقەلەلایان یارەوە، بەلاّم کاتی حەقیقەتی فریودان وگەمەکان ئاشکرادەبن، ئەودەمەی ئاکاری نۆکاوفرۆش لە گاڵتەیەکەوەدەبێت بەحەقیقەت، ئەوساتەوەختەی ئیدی یارلەناو (ئەو) دائامادەگی نەماوەئاستی بالای وێنەلەئاراستەیەکی یەقین پێدراودەکەوێتەنێوپرۆسەی گومانەوە، ئەوەش سەیرکردنی وێنە نییەلەنائامادەبوونی یار، چونکەئەوسەیرکردنەدەبی بەخۆهەلّخەلەتاندنێك بەوەی عەشق گەمەیەکی هەلّخەلەتێنەرە، بەلّکوئەوساتەوەختە تەنیادۆخێکە بۆگومانکردن لەوێنە، دەنالەجەوهەرداگۆڕینی وێنە پەیوەندی بەیادەوەریی عاشقەوەهەیە، ئەویادەوەرییەی کەیار تیاییدا ئامادەگی هەبوو، دەبی لەو (ئامادەگییەی یادەوەرییە) وەسەیری وێنەکەبکەین، ئەوسەیرکردنەش هەولّێکەبۆناسینی یارکەئەوکەسێکەبی هەست، عەشقی ئەوجگەلەعەشقی نۆکاوفرۆشێك زیاترشتێکی ترنییە، هیچ نرخێکیش بۆعەشقی ئێمەدانانێت، تەنانەت بەپیربانگەوازەکەشمانەوەنایەت، کاتی پێی دەلّێین ( (ئەی یار. وەرەدیاریەکانت بەرەوە، تکایە بلوزە سورەکەت و زەرفەکانت باچیترلێرەنەبن، وەرەتەلەفۆنکردنی شەوانت بەرەوە، ڕاستیت دەوی ، ئەگەردەکری منی خۆشت بەرەوە بالێرە چیتر بی تۆیی نەمکوژێت) )

nihadjami@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣